# Descutan®

ڕێنمایی کراویت کە پێش نەشتەرگەرییەکەت هەموو لەش و قژت بە ماددەی خاوێنکەرەوەی دژە بەکتریای Descutan® بشۆیت.

کڕینی Descutan® پێویستی بە ڕەچەتەی پزیشک نییە و لە دەرمانخانەکان بەردەستە. داوای خاوێنکەرەوەی Descutan® بکە و لە ماڵەوە بەکاری بهێنە (ماددەی ژمارە 101805).

پاکەتی خاوێنکەرەوەی Descutan® 4 ئەسفەنجی پێست کە 15 ملیلیتر سابونی تیایە و 4 شامپۆی پێستی 10 ملیلیتریش لەخۆدەگرێت.

بە شێوەیەکی گشتی، دەبێ ڕۆژانە لە دوو کاتی جیاوازدا لە ماڵەوە دوو جار لەش و قژتی پێ بشۆیت، بەمەش دەوترێت چارەسەری دوو جاری.
ڕەنگە پێویست بکات کاتێک دەچیتە نەخۆشخانە جارێکی تریش لەش و قژت بشۆیت. هەمیشە ڕێنماییەکانی کارمەندانی چاودێری تەندروستی پەیڕەو بکە سەبارەت بە جارەکانی شتنی لەش و قژت، کە دەبێت پێش سەردانکردنی نەخۆشخانە لە ماڵەوە ئەنجامی بدەیت. زانیاریی زیاتر لە نامیلکەی ناو پاکەتەکەدا هەیە.

زانیاریی زیاتر لەناو پاکەتەکەدا هەیە، یان سەردانی ماڵپەڕی visit www.fass.se بکە.




FRESENIUS KABI
caring for life

Fresenius Kabi AB
زانیاریی پزیشکی
ژمارە تەلەفۆن: 46+ (0)20 116 6844
ئیمەیڵ: medinfo.sverige@fresenius-kabi.com
www.fresenius-kabi.se


FKS DI 037 12 2022

# چارەسەری دوو جاری - ئەمە مانای چییە؟



قژت بە گیراوەی شامپۆی دابینکراو بشۆ.

تێبینی! Descutan® بەکارمەهێنە بۆ شتنی کونی گوێیەکانت
(باشترە لۆکە بکەیتە کونی گوێیەکانتەوە).
مەهێڵە شامپۆکە بچێتە چاوتەوە.






پاکەتی ئەسفەنجەکە بکەرەوە و بە ئاو ئەسفەنجەکە تەڕ بکە.

لەشت بەباشی بشۆ:

- دەموچاو - چواردەوری لوتت بەباشی بشۆ.
- بەشی سەرەوەی لەش - بە تایبەتی بنباڵەکان و ناوکت بەباشی بشۆ.
- پشت - با کەسێک یارمەتیت بدات و بەباشی سابوون لە پشتت بدات.
- بەشی خوارەوەی لەش، قاچ و پێیەکانت، بەباشی ئەندامی زاوزێ و ناوگەڵت بشۆ.

ئاو بە هەموو لەشتدا بکە.



ئەسفەنجێکی تازە کە سابوونی تیایە دەربێنە و جارێکی تریش شتنەکە دووبارە بکەرەوە.

بە خاولییەکی خاوێن لەشت وشک بکەرەوە.
جلی خاوێن لەبەر بکە.
سەرچەفێکی خاوێن لەسەر جێگەی نووستنەکەت ڕابخە.

FKS DI 037 12 2022